


# کتێبی «بوون و کات»ی مارتن هایدگەر (١٨٨٩-١٩٧٦)

هاشم سەڕاج

(١ - ٢)

دەمەوێ درێژە بە خوێندنەوەکەی پێشوو بدەم و زۆرترین زانیاری لە کتێبی «بوون و کات»ی مارتن هایدگەر بگوێزمەوە، هەتا لایەنە نادیارەکانی میتودە فینۆمینۆلۆژی و ئۆنتۆلۆژییەکەی ڕوون بکرێتەوە، لای هایدگەر چەمکی «گوتنی لەکارکەوتوو» ئاماژەکردنە بۆ دیاردەیەکی پۆزەتیڤی لایەنی تێگەیشتن و ڕاڤەکردن لە ژیانی ڕۆژانەی دازایندا، زۆربەی کات گوتار لە ڕێگەی گوتنەوە دەردەبڕێت و زمانە، گوتنی لەکارکەوتوو لە دەمەتەقێ و هێنان و بردنی باس پێکدێت، پرۆسەیەکە بێ بناغە بەرەو زیادبوون دەڕوات و بەبێ زەمینە دەمێنێتەوە، گوتنی لەکارکەوتوو ئەگەری تێگەیشتنە لە هەموو شتێک بەبێ ئەوەی زانینی لەبارەوە هەبێت، گوتنی لەکارکەوتوو ڕێگە بە توێژینەوەی نوێ و گفتوگۆکردن نادات و خەفەیان دەکات، هەروەها هایدگەر بەرلەوەی چەمکی خۆ تێهەڵقورتان شی بکاتەوە، لە چەمکی بینین دەدوێت، بینین بۆ بوونی مرۆڤ بنەڕەتییە، لێرەدا ئاماژە بە دەستەواژەیەکی «پارمەنیدس» دەدرێت کە دەڵێ: «بیرکردنەوە و بوون یەک شتن».

ئەم فاکتۆرە لەنێو هەستکردندا خۆی دەردەخات و تەنیا لە بینیندا بوون دەردەکەوێت، هەروەها ئۆگەستین لە ئارەزووکردنی جووتبووندا، باسی گرنگی بینینی کردووە.

لێرەدا هایدگەر لە بارەی چەمکی بینینەوە دەڵێ: بینین بۆ چاو دەگەڕێتەوە، ئێمە کە باسی زانین دەکەین، وشەی بینین بۆ هەستکردنەکانی دیکەش بەکاردەهێنین، لای هایدگەر بوون لەنێو جیهان، لەنێو نیگەرانیدا نوقم بووە و حاڵەتی خۆتێهەڵقورتانیش زۆرتر پشت بە بینین دەبەستێت، نەک بە نیازی تێگەیشتن لەو بابەتەی کە دەیبینێت، بەڵکو بۆ ئەوەیە تەماشای بکات، چونکە خۆ تێهەڵقورتان خەسڵەتی دوورکەوتنەوەی لە بابەتە نزیکەکەوە هەیە، لە ئاکامدا بە تێڕامانەوە ناڕوانێت، بە هەڵچوونەوە و ئۆقرە نەگرانە لە بابەتێکەوە هەڵدەکوتێتە سەر بابەتێکی دیکە، خۆ تێهەڵقورتان لە بوون تێناگات و لە ئاستیدا بە سەرسوڕمانەوە ڕاناوەستێت، گوتنی لەکارکەوتوو بەسەر خۆ تێهەڵقورتانەوە دەسەڵاتمەدارە، خۆ تێهەڵقورتان بە گوێرەی بوونی لە هەموو شوێنێک و هیچ شوێنێکدا گوتنی لە کارکەوتوو

بەکار دەهێنێت، خۆ تێهەڵقورتان کە هیچ شتێک لە نزیکەوە نابینێت و گوتنی لەکارکەوتووش، دازاین لە ژیانی ڕۆژانەیدا لەگەڵ کەسانی دیکەدا تووشی ئەو شتانە دەبێت! هایدگەر لە پاڵ ئەو چەمکانەی لە سەرەوە پێناسەیان بۆ کرا، ئەوجا لە چەمکی ئاڵۆزی دەدوێت، ئاڵۆزی کاردەکاتە سەر تێگەیشتن و بەڕێوەبردنیش، بەو شێوە ئاڵۆزییەی خەڵکی هەبووەکان ڕاڤە دەکەن، پێش پەیدابوونیان باسیان دەکەن و خۆیان لە باسەکە تێهەڵدەقورتێنن، دازاین لەناو ئەواندا ئەگەرە ڕەسەنەکانی خۆی ون دەکات، دیاردەکانی گوتنی لە کارکەوتوو، خۆ تێهەڵقورتان و ئاڵۆزی بە جۆرێک ڕیزکراون کە بە بوونی ئەوانەوە گرێدراوە، بۆیە هایدگەر دەڵێ پێویستە ئۆنتۆلۆژییانە و بوونگەرانە لەو هەبووە بکۆڵینەوە، هەروەها سەبارەت بە چەمکی کەوتن و فڕێدان کە هایدگەر بە قووڵی شییان دەکاتەوە، دوکتۆر محەمەد کەمال لە پەراوێزی لاپەڕە [ ٢٥٤ ]دا بەم جۆرە لە بابەتەکە دەڕوانێت، بۆ هایدگەر مادام مرۆڤ لەنێو جیهاندایە و لەگەڵ کەسانی دیکە دەژی، دەکەوێتە بەر کاریگەری دەرەکی و لە هەندێک بارودۆخدا نامۆ دەبێت و ناتوانێت بوونی ڕەسەنی دابمەزرێنێت، ئەم شێوازی بوونە، وابەستەیە بە بوونی لەنێو جیهاندا هایدگەر ئەم جۆرە هاندان و ئاسوودەییە بە نارەسەنانە لە قەڵەم دەدات و دازاین بەرەو هێمنی و پشوودان نابات، بەڵکو زۆری لێ دەکات، چونکە کەوتنە نێو جیهان بەردەوام دەمێنێتەوە، ئەم حاڵەتەش بەرەو نامۆبوونی دەبات، کەوتن لەنێو جیهان هاندان و ئاسوودەیی نییە، هەمان کات نامۆ بوونیشە، لەبەر ئەوەی بوونی لەنێو جیهاندا بە مەزاج و تێگەیشتنەوە کێشەیە، هایدگەر لەم بەشەدا جەخت لەسەر خەسڵەتەکانی بوونی دازاین دەکات لە ژیانی ڕۆژانەدا، گوتاری لەکارکەوتوو، خۆ تێهەڵقورتان و ئاڵۆزی بوون، ئەمانە، کەوتن، یان بە هاندان، ئاسوودەیی، نامۆبوون بە خەسڵەتەکانی دەرکەوتوو لە قەڵەم دەدات، هاوکات جەخت لەسەر خەسڵەتی نیگەرانی دەکات و دازاین لەوێ و لەنێو جیهاندا پرۆژەکانی دادەمەزرێنێت، هەروەها دیاردەی دوودڵی ئەگەرێکی بوونی دازاینە، هایدگەر بە قووڵی لە چەمکی ترس و دوودڵی دەدوێت و لێکیان جیا دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی دازاین لە ئاستیدا دوودڵە، بوون لەنێو جیهانە، دوودڵی جۆرێکە لە مەزاج و یەکەم جار جیهان وەک جیهان دەناسێت، دوودڵی ئەگەری تێگەیشتن لە خۆ و کەوتنەکەی و ڕاڤەکردنە باوەکەی لە خەڵکەوە دازاین وەری گرتووە، دەسەنێت، دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو بابەتەی لە بارەیەوە دوودڵە، هاوکات دوودڵی بوونی دازاین وەک بوونێک بەرەو توانایی بۆ بوون و سەربەشییەکەی دیاری دەکات، دوودڵی مەزاجە لەنێو جیهاندایە، دوودڵی دازاین دەکات بە تاکەکەس و خودی خۆی، بەڵام لێرەدا ئەوەی دازاین لە ئەزموونی دوودڵیدا و لە ئاستی بابەتە دیاری نەکراوەکەدا دەری دەبڕێت هیچە و لە هیچ شوێنێکدا نییە.

لێرەدا دوکتۆر محەمەد کەمال لە پەراوێزی لاپەڕە «٢٧١»دا دەڵێ: گرنگە لەم خاڵەی هایدگەر تێبگەین، چونکە نایەوێت وەک دیکارت «خۆ» بە جەوهەرێکی گیانەکی، یان شتێک دابنێت و لە «لەش»ی جیا بکاتەوە، خۆ ناسینی دازاین دۆزینەوەی جەوهەرێکی گیانەکی نییە، بەڵکو ناسینەوەی تایبەتمەندێکی بوونی دازاین و جیاوازییەتی لەگەڵ دازاینێکی دیکەدا، هەروەها هایدگەر پێی وایە، لە تاریکیدا هیچ شتێک نابینرێت، هەرچەندە جیهان لەوێدا دەمێنێتەوە و خۆی دەسەپێنێت، هەمدیس جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە دوودڵی مەزاجێکی سەرەکی دازاینە و سەر بە بوونە لەنێو جیهاندا، پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆژییە، هەروەها هایدگەر چەمکی ڕاستگۆیی و ترس و نیگەرانی و کەوتن شی دەکاتەوە، بوونی خۆ ڕەتکەر، واتای دابڕانی خۆ لە جیهان نابەخشێت و ئاماژە بۆ خەسڵەتی بوون لەنێو جیهان دەکات.

بوون لەنێو جیهان ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە دازاین فڕێ دراوەتە نێو جیهانەوە و لەبەردەم بوونیدا ڕاوەستاوە، فڕێدانی دازاین لە دوودڵیدا بەرجەستە دەبێت، هەروەها بوونی خۆ ڕەتکەر وەک توانایی بۆ بوون لەنێو زەمینەی بارودۆخی بوونگەرانەی-ئۆنتۆلۆژییانە، ئەگەری بوونە بەرەو سەربەستی و ڕەسەنێتی، بەڵام نیگەرانی سەرجەمی بنیادی سەرەکی بوونی دازاینە، چونکە بوون لەنێو جیهان مۆری نیگەرانی لەسەر تۆمار کراوە، لەبەر ئەوەی ئەم هەبووە، بوونێکی تەمەن کورت و کاتی لەنێو جیهاندا هەیە، هایدگەر لە ڕێگەی چیرۆکێکی دێرینەوە چەمکی بوون و کات شی دەکاتەوە، هەروەها ئاماژە

به دوا نامیلکەی «سنیکا» دەدا کە دەڵێ: لەنێو چوار هەبووە سروشتییەکاندا «درەخت، ئاژەڵ، مرۆڤ و خودا» دووانەکەی دواوە، جیاکردنەوەیان لە یەکدی لەوێدایە کە خوا نەمرە و مرۆڤیش دەمرێت. پاش ئەمە چاکە بۆ خوا لە سروشتی خودی خۆیدایە و بۆ مرۆڤیش نیگەرانییە، نیگەرانی بڕیار لەسەر شێوازی بوونی فڕێدراوی مرۆڤ لەنێو جیهان دەدات، لێرەدا هایدگەر دەڵێ: «کانت» چەمکی دازاین بۆ ئەو هەبووانە بەکاردەهێنێت، ئێمە بە بابەتی دەرەکی دامان ناون، ئاگامەندی دازاینی من بۆ کانت، واتە ئاگامەندی بوونی من، وەک بابەتێکی دەرەکی بەو واتایەی دیکارت باسی کردووە، کانت بوونی نێو من و دەرەوەی من لە یەکدی جیا دەکاتەوە. فاکتۆریایە کارەکەی دروستە، بەڵام بەڵگەکەی نادروستە، دواتر هایدگەر لە بۆچوونێکی «ویلهێلم دیلتی ١٨٣٣-١٩١١» فەیلەسووفی ئەڵمانی سەبارەت بە چەمکی ڕاستەقینە، دەکۆڵێتەوە، دیلتی لەو باوەڕەدایە ڕاستەقینە لە ئەزموونەکانی ویست و بەرەنگاریکردندا پەیدا دەکرێت، بەڵام هایدگەر پێی وایە بۆ ئەوەی لەسەر بناغەیەکی ئۆنتۆلۆژی پێوەندی نێوان شتەکان بناسین و کاتیگۆریانە و بوونگەرانە بیانسەلمێنین، پێویستە ڕاستەقینە «حەقیقەت» بۆ دیاردەی نیگەرانی بگەڕێنینەوە، واتە خودی ڕاستەقینە نەک شتێکی ڕاستەقینە بە نیگەرانییەوە بەستراوە، دواتر هایدگەر لەم دەستەواژەیەی پارمەنیدس «٤٨٠پ.ز. ژیاوە» دەکۆڵێتەوە کە دەڵێ (ئەوەی لەنێو بیرکردنەوەدایە، بوونە و خودی بیرکردنەوەش هەر بوونە، چونکە هیچ شتێک لە دەرەوە، یان ئەودیو بوونەوە نییە».

دوکتۆر محەمەد کەمال دەڵێ: شایانی باسە هایدگەر لە نووسراوەکەیدا لەسەر پارمەنیدس بە درێژی ئەم چوونیەکییەی نێوان بوون و بیرکردنەوەی ڕوون کردووەتەوە، هەڵبەتە ئەرستۆش ئەم خاڵەی لە کتێبی «میتافیزیک» دەربڕیوە، هایدگەر سەبارەت بە فەلسەفە دەڵێ: لەم ڕووەوە فەلسەفە وەک زانستی ڕاستی پێناسەکراوە، هەمان کات بەو زانستەش پێناسەکراوە کە بەدوای بوونی هەبووەکاندا دەگەڕێت، هەروەها هایدگەر سەبارەت بە چەمکی ڕاستی و بوون ئاماژە بە بۆچوونەکانی هەریەک لە «تۆماس ئەکویناس» و «کانت» دەدات و گوتارەکان شی دەکاتەوە، تۆماس ئەکویناس لەژێر کاریگەرێتی «ئیبن سینا» لەو باوەڕەدایە کە بوون ڕووداوە و دەخرێتە سەر جەوهەر، کانت لە پێشەکی کتێبی «دیالێکتیکی بەرز»دا سەبارەت بە چەمکی ڕاستی دەڵێ: «ڕاستی و وەهم لەنێو بابەتی نێو ئەزموونەکەدا نین، بەڵکو لەنێو داکۆکیکردنەوەکەدا و لەنێو بیردا سەرهەڵدەدەن».

هایدگەر سەبارەت بە چەمکی ڕاستی دەڵێ: ڕاستی زانینە، بەڵام زانین داکۆکیکردنە، ڕاستی بوونی لۆگۆس وەکو ئاشکرابوون بەو شێوەیەی هەبوویەکی خۆی دەردەخات بۆ ئەوەی بناسرێت، ڕاستییە، ئەمە ئەریستۆ بە «پراگما» و «فینۆمینە»ی دادەنێت، کەوابوو ئاشکراکردن خەسڵەتی لۆگۆسە، لە کاتێکدا ئەرکی فەلسەفە پاراستنی هێزی چەمکە بنەڕەتییەکانە کە دازاین لە ڕێگەیانەوە بوونی خۆی دەردەبڕێت، خۆ دەرخستن و شاردنەوە سەر بە فاکتۆری دازاینن، بەڵام زۆربەی حاڵەتەکان دەکەونە سەر پێکهاتەی بوونی دازاین کە خەسڵەتی پرۆژەیەکی فڕێدراوی هەیە، ئەمەش پێکهاتەی بنیادی نیگەرانییە، ڕاستی بە واتا سەرەکییەکەی سەر بە پێکهاتەی بوونی دازاینە و جۆرێکە لە پێشمەرجی ئۆنتۆلۆژی، لەبەرئەوەی دازاین ئەو هەبووەیە بۆ بوونی ڕاستی گرنگە، هەموو ڕاستییەک پێوەندی بە بوونی دازاینەوە هەیە، لێرەدا هایدگەر ئەوە دەدرکێنێت کاتێک بوونی دازاینمان شی کردەوە، جەوهەریمان بە بوونی دانا، چەمکی بوون، واتە دازاین کە تێگەیشتنە لە توانایی بوونی و بوونیشی دەبێت بە کێشە بۆی، لێرەدا چەمکی تێگەیشتن و ڕاڤە دەخاتە ڕوو، توێژینەوەی ئۆنتۆلۆژییانە ڕاڤەکردنێکی گونجاوە و لەسەر تێگەیشتن دامەزراوە، لە ڕاڤەکردنی ئۆنتۆلۆژییانەدا بوونی هەبووە کە دەردەخرێت، دوکتۆر محەمەد کەمال لە پەراوێزی لاپەڕە «٣٢٢»دا سەبارەت بە چەمکی ڕاڤە لای هایدگەر دەڵێ: ڕاڤەکردن لای هایدگەر لەسەر زەمینەی تێگەیشتن دادەمەزرێت، تاکو لە بابەتەکە تێنەگەین، ناتوانین واتاکەی ڕاڤە بکەین، هایدگەر لە سەرەتاوە بوونی دازاین دەخاتە بەردەم تێڕوانینێکی فینۆمینۆلۆژییانە و دەیکات بە بابەتی لێکۆڵینەوەکە، سەرەتا چەمکی بوونی ڕەسەن و بوونی ناڕەسەنی دازاین شی دەکاتەوە. دواتر دەڵێ: پێویستە سەرجەمی

بوونی دازاین بە هەیەی لە پێشترەوە بەستینەوە، تاکو دازاین هەبێت، هێشتا لە بوونیدا شتێک هەیە کە دەیەوێ بیگاتێ، ئەو شتەی لەوێدایە و دەیەوێت بیگاتێ کۆتاییە، کۆتایی بوون لەنێو جیهانیش مردنە، بەڵام بوونی دازاین جۆرێکە کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕووە و مردنە، بەڵام بوونی دازاین هەیەیەکی لەپێشتری بوونگەرانەیە، هایدگەر مەبەستی ئەوەیە بوونی دازاین لە ژیانی ڕۆژانەیدا هەیەیەکی پڕ و تەواو کۆ نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بوونێکە لێوانلێو لە کەلێن و بۆشایی، دازاین لە ڕێگەی چالاکییەکانییەوە هەوڵ دەدات ئەم بۆشاییانە پڕ بکاتەوە، دواجاریش هێزی مەرگ ئەو بۆشاییانە پڕ دەکاتەوە و بوونی دازاین بەرەو پڕی و تەواوکۆیی دەبات، هەروەها ویژدان کە دیاردەیەکی دازاینە، وەک مردن داوای ڕاڤەکردنێکی بوونگەرانەمان لێدەکات، بەڵام کات بناغەیەکی سەرەکی ئۆنتۆلۆژییانەی بوونی بوونگەرانەی دازاینە.

هایدگەر لێرەدا بە قووڵی لە چەمکی هەریەک لە بوون و کات و مەرگ و ویژدان و چەمکی بوونی ڕەسەن و ناڕەسەن دەدوێت، دازاین لە هەموو حاڵەتێکدا لەپێناو بوونی خۆیدا هەیە، تا دازاین هەبێت و بە کۆتایی نەگات بەتواناییەکەوە بۆ بوون ڕوو لەخۆی دەکات، گرنگە لە بوونی دازایندا بەردەوام شتێک هەبێت دایبمەزرێنێت، ئەگەر دازاین بەو جۆرە پەیدا بێت کە لە یەکەم ساتی بوونییەوە پڕ و تەواو بێت، هیچ شتێک لە بوونیدا کەم نەبێت تا دایبمەزرێنێت، دەبێت بەو هەبووەی لەوێدا نییە نەبوونی کەمی لە بوونیدا بوونی لەناو دەبات، لێرەدا هایدگەر بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ لە پرۆسەی پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی نێو بوونی دازاین دەدوێت و ئاماژە بە دیاردەی مەرگ دەدات، دازاین تا لە بووندا بێت بە سەرجەمی بوونی ناگات، ئەگەر بتوانێت خۆی تەواو بکات و بە تەواو کۆیی بگات، ئەوە نابێت لەنێو جیهاندا بێت، لەم حاڵەتەدا ئێمە وەک هەبووەیەک ناینناسین، کاتێک دازاین لە مردندا بە سەرجەمی بوونی دەگات، هاودەم بوونی لێرەدا تەواو دەبێت. لە مردندا کەسانی دیکەش، کاتێک بەسەرجەمی بوونیان دەگەن لە بوون بە دازاین دەکەون و لەنێو جیهاندا نامێنن، لێرەدا هایدگەر پرسیار دەکات، ئایا مردن دەرچوون لەنێو جیهان و دۆڕانی بوون لەنێو جیهان نییە؟ ئێمە بە مردنی کەسانی دیکە ئەزموونی ئەو دیاردەیەی بوونمان دەست دەکەوێت کە لە بوونی دازاینەوە، یان ژیانەوە دەبێت بە دازاینێکی نەماو، کۆتایی بوونی دازاین دەبێت بەسەرەتا بۆ بوونێکی دەرەکی، خودی مردن دۆڕان نییە، بەڵکو لە ئەزموونی ئەوانەی دەمێننەوە دەبێت بە دۆڕان، مردن شتێکە هەموو دازاینێک لە کاتی خۆیدا دەیگاتێ، مردن بە جەوهەر لە هەموو حاڵەتێکدا مردنی منە، من و بوون ئۆنتۆلۆژییانە پێکهاتەی مردنین، مردن ڕووداو نییە، دیاردەیەکە پێویستە بوونگەرانە تێی بگەین، مردن دیاردەیەکی بوونگەرانەیە، ئێمە چەمکی لەناوچوون بۆ کۆتایی هێنان بۆ هەبووە زیندووەکان دادەنێین، بێ گومان ڕاڤەکردنی فسیۆلۆژییانە و بایۆلۆژییانە بۆ مردن دەکرێت، بەڵام واتای چەمکە پزیشکییەکە «دەرچوون- ئێگسەتوس» لەگەڵ چەمکی لەناوچوون ڕێک ناکەوێت، نکوڵی لەوە ناکرێت کە بوونی دازاین ناتەواوە و بە مردن کۆتایی دێت، دازاین تا هەبێت ئەوەیە کە هێشتا نەبووە، ناتەواوی دازاین و خۆ ڕەتکردنی پەیوەندی بە کۆی لە دەرەوە ڕاوەستاوی بوونییەوە و شتێکەوە نییە کە هێشتا دەستی نەکەوتووە، هێشتا نەبووی بوونە کە لە دازایندا هەیە، هایدگەر لە کاڵی و گەیشتنی میوەکە دەدوێت و لەگەڵ بوونی دازاین بەراوردی دەکات، پێگەیشتن شێوازێکی بوونی میوەکەیە، هەمان کات هێشتا نەبووە لەبەر ئەمە شێوازێکی لێکچووی بوونی دازاینە، بە پێگەیشتن میوەکە ناتەواوییەکەی خۆی تەواو دەکات، ئایا دازاین بە مردن ئەم کارە دەکات؟ بێ گومان بە مردن پرۆسەی بوونی دازاین کۆتایی دێت، تەنانەت ئەوانەی ناتەواوییەکانی بوونیشیان تەواو ناکەن دەمرن، دەشێ دازاین پێش مردن بتوانێت بوونی خۆی تەواو بکات، زۆربەی کات دازاین بە ناتەواوییەوە کۆتایی بە بوونی دێت، کۆتایی لە هەموو حاڵەتێکدا واتای تەواو بوون نابەخشێت.

ئایا مردن بە کۆتایی دازاین دادەنرێت؟ لە سەرەتاوە کۆتایی هێنان واتای وەستان دەبەخشێت، کەوابوو کۆتایی هێنان، یان وەستان گۆڕانە بۆ بابەتێکی دەرەکی نەبوو، یان بابەتێکی دەرەکی هەبوو، بەڵام مردن شێوازی بوونە کە دازاین لە یەکەم ساتی بوونییەوە، دەبێت بە خاوەنی، ئەو ساتەی دازاین پەیدا دەبێت بۆ تەمەن، بۆ مردن گەورەیە.

مردن بە واتایەکی فراوان دیاردەی ژیانە. ژیانیش سەر بە بوونە لەنێو جیهاندا و نیگەرانی بارودۆخی بنەڕەتی بوونی دازاینە، مادام دازاین هەیە دەبێت بمرێت، مردنەکەش بەهۆی فڕێدانییەوە ڕوودەدات، لە ژیانی ڕۆژانەماندا و لەنێو کەسانی دیکەدا مردن بە ڕووداو دادەنرێت، ئەوان لە ئاستی ئەو ڕووداوەدا دوودڵی بۆ ترس دەگۆڕن، لەم پرۆژە فینۆمینۆلۆژییەدا هەوڵ دەدرێت دازاین لە مردنی خۆی تێ بگات و بە چەمکی پڕ و تەواوی بوونگەرانەی مردن بگات، مرۆڤ لە مردن دڵنیایە، بەڵام ڕەسەنانە مردنی خۆی ناناسێت، هایدگەر بە قووڵی لە چەمکی دڵنیابوون دەدوێت، چونکە مردن بەبێ مەرج دەبێت بەڕووداو لە ژیانی هەموو کەسێکدا، لێرەدا دڵنیابوونێکی ئەزموونی دەخرێتە سەر مردن، ئەم دڵنیابوونە ئەوە نییە ئێمە دەمانەوێت بیردۆزەییانە باسی بکەین، هەروەها ژیانی ڕۆژانە جۆرە نیگەرانییەکی بە پەلە دەسەپێنێت و بیرکردنەوە لە مردنی لێ دەسێنێت، دواتر هایدگەر چەمکی مردن بەم جۆرە پێناسە دەکات: وەک کۆتایی دازاین، مردن ئەگەرێکی لە پێوەندی بەدەر و واز لێ نەهێنراوی نادیاری بوونی دازاینە، وەک کۆتایی دازاین لەم هەبووەدا بوونە ڕووە و کۆتایی، دازاین بە مەزاج و تێگەیشتنەوە خۆی دەردەخات و بوونی ڕەسەنانەی ڕووە و مردن، بوون ڕووە و مردنیش دوودڵییە.

دوکتۆر محەمەد کەمال لە پەراوێزی لاپەڕە [٣٥٩]دا بەم شێوەیە لە مەبەستی هایدگەر دەدوێت، مەبەستی هایدگەر لە چەمکی لەوێدا- بوونە لەنێو جیهان، مادام مرۆڤ لەنێو جیهاندایە و هەیە دەبێ بمرێت، مەترسی لەناوچوونەکەی بەردەوام لەگەڵ بوونیدایە، ئەو تاکو هەبێت پێشبینی مردنیش دەکات، بەڵام کاتی مردنەکە نادیارە، مرۆڤ نازانێت کەی دەمرێت ئەوەندە دەزانێت کە دەبێ بمرێت، هایدگەر لەم بەشەی کتێبی «بوون و کات»دا کۆمەڵێک چەمکی جۆراوجۆر شی دەکاتەوە، کە تێکڕای چەمکەکان پێوەندییان بە بوونی دازاینەوە هەیە لەوانە ویژدان، بڕیاردان، هیچێتی، بانگکردن، یان دەنگی ناوەوەی بوون وەک بانگکردنی نیگەرانی، داواکردن و هەست بە تاوانکردن، بیرۆکەی بەها، ویژدانی چاک و ویژدانی خراپ، چەمکی هەڵوێست...تاد.

ویژدان دیاردەی بوونی دازاینە و فاکتۆرێک نییە ڕووبدات و ببێت بە بابەتێکی دەرەکی، ئەگەر دازاین بتوانێت گوێی لە دەنگی خۆی بێت، دەبێ خۆی بدۆزێتەوە، بزانێت کە نەیتوانیوە گوێی لە دەنگی خۆی بێت، چونکە تەنیا دەنگی ئەوان دەبیستێت، هایدگەر لە بەستێنی ئەم چەمکانەوە هاوکات لە بوونی ڕەسەن و ناڕەسەنی دازاین دەدوێت، بەڵام بوونی دازاین لە بنەڕەتدا نیگەرانییە، دازاین ئەو هەبووەیە کە فڕێ دراوە، بێ بڕیاری خۆی هێنراوەتە ئێرە، هەروەها هیچێتی خودی بوونە، هیچێتی واتای ئامادەنەبوونی بابەتێکی دەرەکی، یان بەردەوام نەبوونی ناگرێتەوە، هیچ لەنێو پێکهاتەی بوونی دازایندا و دەکرێت خەسڵەتەکەشی بوونگەرانە دیاری بکرێت، بنیادی فڕێدان وەک بنیادی پرۆژەدانان لە بنەڕەتەوە هێچێتییە، ئەم هیچێتییە دەبێت بە بناغەی ئەگەری ناڕەسەنبوونی دازاین لە کەوتنەکەیدا، نیگەرانیش لە بنەڕەتەوە لەنێو هیچیدایە، کەوابوو نیگەرانی کە بوونی دازاینە وەک پرۆژەیەکی فڕێدراو، بناغەیە بۆ بوونی هیچێتی، بەڵام دازاین زەمینەی بوونی خۆی نییە، چونکە زەمینەکە لە ئاکامی پرۆژەدانانی دادەمەزرێن، دازاین بەردەوام لە بانگکردنەکەدا هەست بە تاوان دەکات، ئەمە خۆی دازاین لە گوتنی لەکارکەوتوو ڕزگار دەکات، کە ئەوان بەکاری دەهێنن، کەوابوو گوتاری ویژدان کەمدووییە، بێدەنگی یەکێکە لە ئەگەرە بنەڕەتییەکانی گوتار، هەر کەسێک لە ئاستی تێگەیشتندا بێدەنگ بێت، دەیەوێ شتێک بڵێت، هاوکات ئاشکرابوونی ویستی دازاین بۆ ویژدان لە پێکهاتەی دوودڵیدایە و لە تێگەیشتنیشدا دەبێت بە پرۆژەی توانایی دازاین بۆ هەست بە تاوانکردن، ئەم پرۆژە بێدەنگەی توانایی دازاین بۆ هەست بە تاوانکردن بە دوودڵییەوە ناودەنێین بڕیاردان، بڕیاردان وەک بە خود بوونێتی ڕەسەنانە، مادام دازاین فڕێدراوەتە ئەوێ، هەر یەکێک لە دازاینەکان فاکتۆریانە دەبێت بە خاوەنی جیهانێکی تایبەتی، هەڵبەتە بڕیاردان هەمیشە بڕیاردانی فاکتۆری دازاینە و سەر بە کاتێکی دیاریکراوە، جەوهەری دازاینیش لە بوونیدایە، هایدگەر بۆ ئاشکراکردنی «کات» وەک دیاردە کۆمەڵێک چەمکی تر دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە، لەوانە پرۆژەی بوونگەرانەی دازاین،

بڕیاردان، چاوەڕوانکردن...تاد. بە مەبەستی ناسینی واتای بوون، پێی وایە بە میتودی دروست کە لە تەکنیکی گفتوگۆی بێ ناوەڕۆکەوە جیاوازە، زانینمان سەبارەت بوونی ئەو هەبووە دەداتێ، چونکە دازاین ناوەڕۆکی لەسەر جەوهەر دانەمەزراوە، خۆیەکی بەردەوامە و هەبوویەکە بە نیگەرانییەوە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا واتایی «کات»یش دەردەکەوێت، کات ئەگەری جۆراوجۆری هەیە و لە فۆرمی جیاوازدا دەبینرێت، چەمکی کات لە ئەزموونی ڕۆژانەدا دروست دەبێت، هایدگەر لە کاتێتی بوونی دازاین و پێوەندی نێوان ویست بۆ ویژدان و پرۆژەی توانایی ڕەسەن بۆ سەرجەمی بوون دەکۆڵێتەوە، ویستی دازاین بۆ ویژدان پێوەندی بە هەست بە تاوانکردنەوە هەیە، چونکە دازاین لەبەردەم کۆتاییدا بوونە ڕووەو کۆتایی لە چاوەڕوانکردنی مردندا، دازاین بەردەوام هەست بە تاوان دەکات، کاتێک دازاین بڕیاردەدات ڕەسەنانە خۆی دەکات بە بناغەی هیچێتی خۆی، چونکە هیچێتی دازاین مردنە، لێرەدا مردن وەک کۆتایی نەخراوەتە سەر دازاین، وەک نیگەرانی و هەبوویەکی فڕێدراو «کە هیچە» بناغەی مردنی خۆیەتی، ئەو هیچێتییە بەردەوام دازاین داگیر دەکات و لە بوونی ڕەسەنانەی ڕووەو مردن بۆ دازاین ئاشکرا دەبێت، نیگەرانیش مردن و هەست بە تاوانکردن بەبێ جیاوازی دەگرێتە خۆی، تەنیا لە بڕیاردانی چاوەڕوانکراودا لە توانایی بۆ هەست بە تاوان کردن ڕەسەنانە تێدەگەین.

دوکتۆر محەمەد کەمال لە پەراوێزی لاپەڕە «٤٠٣»دا دەڵێ: پێویستە بوونی هەست بە تاوانکردن کە ئۆنتۆلۆژیایە، لە واتای هەست بە تاوانکردنی تیۆلۆژی [بۆچوونی ئایینەکان] جیابکرێتەوە و دووەمیان فاکتۆرییە، هەست بە تاوانکردنی بوونگەرانە پێوەندی بە ئەگەری گوناهکردنەوە نییە، تەنانەت ئۆنتۆلۆژی دازاین با ببێتە بناغەی ئەم ئەگەرە، چونکە ئەم ئۆنتۆلۆژیە کە توێژینەوەیەکی فەلسەفییانەیە باس لە گوناهکردن ناکات، بڕیاردان پێویستە کراو بێت و سەربەستانە ئەنجام بدرێت، بڕیاردان بەگشتی و ڕەسەنانە بڕیاردانێکی چاوەڕوانکراوە، چونکە بیرکردنەوەی ڕەسەنانە لە مردن خواستی ویژدانە لە ئاستی خۆیدا و لە ژیانی ڕۆژانەدا شەفافییەت وەردەگرێت.

لێرەدا خودی دازاین دەبێت بەرێنیشاندەری هەموو پرسیارێکی ئاشکرای ئۆنتۆلۆژیانە، دازاین لە تێگەیشتنی بوونیدا خۆی بە بابەتێکی دەرەکی دانانێت، لەبەر ئەوەی نیگەرانی پێکهاتەی دازاینە، هایدگەر لێرەدا ئاماژە بە سووڕانەوەی بازنەی نێو تێگەیشتن دەدا، هەڵبەتە مەبەستی لە بازنەی هێرمنیوتیکییە کە لەتێکست لە بازنەی ڕاڤەیەکی فەلسەفیدا لێکدەدرێتەوە، ئەم بابەتە دواتر لای «گادامێر» چەندان توخمی تری بۆ زیاد دەکرێت، لەوانە دیالۆگ، یان گفتوگۆی نێوان ڕاڤەکار، یان وەرگر و دەق، ئاهەنگسازی، واتە دەق لە بازنەی هێرمنیوتیکیدا شێوە و شێوازی کەرنەڤاڵێکی ڕاڤەکاری وەردەگرێت، هایدگەر پێی وایە خودی تێگەیشتن بناغەی بوونی دازاین پێکدەهێنێت، هەروەها بوونی دازاین نیگەرانییە، بۆ دازاین سووڕانەوە لە دازاینەوە بۆ بوونە، بنیادی نیگەرانی خۆی دروست دەبێت، لێرەدا بنیادی نیگەرانی بۆ تێگەیشتن لەسەرجەمی بوونی دازاین دەبێت بە زەمینە بوونی خۆ ڕەتکەر ئەو واتایە دەبەخشێت، لەم شیکردنەوەیەدا دیاردەی بوونگەرانەی مردن، ویژدان و هەست بەتاوانکردن بە دیاردەی نیگەرانییەوە بەستراونەتەوە، هایدگەر لەم بارەیەوە کۆمەڵێک دەستەواژەی «کانت» وەردەگرێت و بە شێنەیی کاریان لەسەر دەکات، هاوکات هەوڵ دەدات ئۆنتۆلۆژیانە لە واتای نیگەرانی تێ بگات، بڕیاردان لەنێو ئێستادا دەبێت بە بڕیاردان، بەڵام خەسڵەتی بوونی داهاتوویییە و لە داهاتووەوە ئێستای خۆی دەناسێت، ئەم دیاردەیەش یەکێتییەکی تێدایە کە ئێستا و داهاتووی پێکەوە گرێ داوە و بە کاتێتی ناوی دەبەین، کاتێتی دەبێت بە واتای نیگەرانبوونی ڕەسەنانەی دازاین، یەکێتیی بنەڕەتی بنیادی نیگەرانیش لەنێو کاتدایە، چونکە نیگەرانی شتێکە پێشتر هەیە و لە دواییدا نییە، داهاتوو واتای سەرەکی بوونگەرایەتییانەیە، بە هەمان شێوەی ئێستا هەیە، واتای بەکاتبوونی هەبوویەکە کە فڕێ دراوەتە ئێرە، کەواتە دازاین هەیە و نابێت بە فاکتۆری بابەتێکی دەرەکی، لەنێو کاتدا پەیدا ببێت و لەناو بچێت، دازاین هەمیشە وەک فاکتۆرێکی فڕێدراو خۆی دەبینێت، لەنێو مەزاجدا بەردەوام بوونی خۆی بە شتێکی هەبوو، ئامادەبوو لەنێو ئێستادا دەدۆزێتەوە، داهاتوو دیاردەی سەرەکی و کاتێتی ڕەسەنانەیە، نیگەرانیش بوونە ڕووەو مردن، داهاتووی ڕەسەنی دازاین بەکاتی بڕیاردانی چاوەڕوانکراوییەوە بەستراوە، بۆیە دازاین وەک

هەبوویەکی بڕاوە خۆی دەردەخات، بوونی بڕاوەی دازاین وەستان نییە و خەسڵەتی بەکاتیبوونە.

هایدگەر لە تێزەکەیدا جەخت لەسەر کاتێتی دازاین دەکات و پێشی وایە دەبێ ناوەڕۆکی کۆنکرێتی ئەم هەبووە بسەلمێنرێت، هایدگەر لە پێوەندی نێوان کات و خود و بیرکردنەوە دەدوێت، هەبووەکانی نێو جیهان دەبن بە بوونی نێو کات، واتە ئەو «کات»ەی بابەتە دەرەکییەکان تێیدا پەیدا دەبن و لەناودەچن، دیاردەیەکی ڕەسەنی کاتە، هەروەها پێکهاتەی کاتی ئەم دیاردانە ئێمە بەرەو جۆرێک کات دەگێڕنەوە کە ئەگەری تێگەیشتن، مەزاج، کەوتن و گوتار مسۆگەر دەکات و لەنێو بنیادەکەشدا پێکەوە گرێیان دەدات، بەڵام دازاین لە هەموو حاڵەتێکدا بە تێگەیشتنەوە ڕێگا دەگرێت و بڕیاردان شێوازێکی ڕەسەنانە و گرنگی بوون دیاری دەکات، دازاین وەک نیگەرانی پێش بوونی خۆی دەکەوێت و بە نیگەرانییەوە ڕوو لە هەبووەکان دەکات، هەروەها لە چاوەڕوانکردنی کاتی ڕەسەنانەدا بوون ڕووەو مردن ئاشکرا دەردەکەوێت، بەڵام چاوەڕوانکردن لە بڕیارداندا خاوەنی ڕانەبوردووە، ڕانەبوردووی نێو کاتی ڕەسەن ناودەنێین «ساتی تێڕوانین»، پێویستە واتای ئەم چەمکە بە چالاکی و لایەنی هەڵچوونی کاتەوە ببەستینەوە.

دوکتۆر محەمەد کەمال لە بارەی ئەم چەمکەوە لە پەراوێزی لاپەڕە «٤٣٨»دا دەڵێ: کیرکیگارد یەکەم بیریارە باسی «ساتی تێڕوانینی» کردبێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، توانیبێتی بوونگەرانە و سەرکەوتووانە واتاکەی ئاشکرا کردبێت، ئەو لەبەر ڕۆشنایی چەمکی باوی کاتدا واتاکەی لێکداوەتەوە، بە ئێستا و هەمیشەییەوە بەستوویەتییەوە، کاتێک کیرکیگارد باسی کات دەکات، مەبەستی بوون لەنێو «کات»ە، لای هایدگەر ساتێک بۆ تێڕوانین دیاردەیەکە، لەبەر ڕۆشنایی ئێستادا واتاکەی ڕوون ناکرێتەوە، ئێستا دیاردەیەکی کاتییە و بەشێکە لەکات، دیاردەیەکە تێیدا هەبوویەک پەیدا دەبێت، لەناو دەچێت، یان بابەتێکی دەرەکییە، لە ساتی تێڕوانیندا هیچ شتێک ڕوونادات، بەڵام وەک ڕانەبوردوویەکی ڕەسەن بۆ یەکەم جار ڕێگەمان بۆ خۆش دەکات لەنێو کاتێکدا ڕووبەڕووی بابەتەکانی بەردەست و بابەتە دەرەکییەکان ببینەوە.

ئێمە بۆ جیاکردنەوەی «ساتی تێڕوانین» لە ڕانەبوردووی ڕەسەندا چەمکی دروستکردنی ئێستا بۆ ڕانەبوردووی ناڕەسەن بەکاردەهێنین، بەگشتی ڕانەبوردوو هەموو ئێستایەک دروست دەکات، بەڵام هەموو ڕانەبوردوویەک خەسڵەتی «ساتی تێڕوانین»ی نییە. ساتی تێڕوانین بەم شێوەیە پڕۆژە دانانێت و ڕوو لە داهاتوویەکی ڕەسەن دەکات، هایدگەر لەم بەشەدا کۆمەڵێک چەمک شی دەکاتەوە، لە پێوەندی نێوانیان دەکۆڵێتەوە، تێگەیشتن جووڵانێکی لەخۆڕا نییە و هەمیشە بە مەزاجەوەیە، بوون لە ڕێگەی مەزاجەوە ئاشکرا، یان شاراوە دەبێت، هایدگەر لە کاتی مەزاج دەدوێت و دەڵێ لە هەموو مەزاجێکدا جۆرێک «ئێستا هەیە»، هەروەها ترس مەزاجێکی ناڕەسەنانەیە، هاوکات کۆمەڵێک پرسیار دەخاتە ڕوو، ئایا داهاتوو نەک ئێستای هەبوو، کاتی ترس نییە؟ هەروەها هایدگەر لە شپرزەیی و خۆ لەبیرچوونەوە و چاوەڕوانی و پێکهاتەی مەزاجی ترس دەدوێت، ترس ئاماژە بۆ هاتنی خراپ دەکات، دیاردەی دوودڵی بە میزاجێکی بنەڕەتی دادەنێت، دوودڵی هەستکردنە لە ئاستی «هیچ» بوونی جیهان، دوودڵی نا گرنگی جیهان دەردەخات، دوودڵی لەنێو بوونی دازاینەوە هەڵدەقوڵێت، ترس لەنێو جیهانەوە ڕوومان تێدەکات و داگیرمان دەکات، کەسێک خاوەنی بڕیار بێت، نە ترسە و تێدەگات کە دوودڵی شپرزەی ناکات و نابێت بە ڕێگری، هایدگەر جۆرەکانی مەزاج دیاری دەکات لەوانە، هیوا، خۆشی، جۆش، خەم، پەژارە، زویری، واتای کاتی بۆ کەمی و بێ ڕەنگی مەزاج لەنێو ژیانی ڕۆژانەدا دەدۆزرێتەوە کە پێوەندی بە ژیانی دازاینەوە هەیە، دیاردەیەکی وەک هیوا پێوەندی بە داهاتووەوە هەیە، هیوا چاوەڕوانییە، لە ترس جیا دەکرێتەوە، خۆ تێهەڵقورتاندن داهاتوویەکی ناڕەسەنانەی هەیە، ساتی تێڕوانین، بوون بۆ نێو هەڵوێست دەگەڕێنێتەوە و ڕەسەنانە لەوێدا ئاشکرا دەکات، هەروەها چەمکی لەبیرچوون و چاوەڕوانی و ئاسوودەیی شی دەکاتەوە، چونکە فڕێدانی دازاین بۆ نێو جیهان شتێک نییە ڕەسەنانە بگیرێت، ئەگەر دازاین بەرەو بوونی خۆی نەگەڕێتەوە و بە بڕیارەوە خۆی لە ونبوونەکە ڕزگار نەکات، لەوێدا هەڵوێستی «ئێستا» و بوونی ڕووەو مردن لەنێو ساتی تێڕوانینەکەیدا دەردەکەون.